# شارستانیەتی ماننا، ئورکەڵدی

**Mannean, Ur-Chaldean Civilization**

نووسینی ئازاد کەریمی




Fig. 5. — Fac-similé de l'inscription de la stèle de Bukân.

**مافی بڵاو کردنەوەی ئەم بابەتە سپێردراوە بە کوردیپێدیا.**

**سوپاس بۆ ئاهوڤا بۆ هەبوونی لە جیهانی مندا.**

####

ماننا ناوی شارستانیەتێکە وا لە بەردەنووسە ئاشوریەکانی دەسەڵاتدارانی سەدەی ٩ و ٨ و ٧ی پێش زاییندا ناوی هاتووە وەک "مات منایی" واتە "وڵاتی بەرەکەتی مانگ" کە بریتییە لە شوێنی مانگ لە سەر زەویدا و ئەوێش هەرێمی کور-دیلمون ی دێرینی بەردەنووسە سومەرییەکانە وا مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا.

کور-دیلمون بە گوێرەی نووسراوە سومەرییەکان مەڵبەندی " یاران" یان " پیرانی ئاسمانی" واتە ئیزەدانی ئانونناکی بە سەرۆکایەتی ئانو-خشە بووە. ئانوخشە، ئانوشا یان ئانوچوخا کە ئەکاتە هەمان ئانو-کوێخا بە زمانی کوردی مۆدێرن، چاودێری خودای ئافرێنەرە و لە لووتکەی هوەخشەتەرە یان گۆشتی پاڵوی خودا دا بووە. هوەخشەتەرە یان ئەرتەخشێر کاتێ لە پێش پەروەردگاری ئافرێنەردا دانراوە ئاوەژۆکراوەتەوە و پت یان لووتکەکەی چەقیوەتە خوارەوە و هەر بۆیە ئانۆ بووە بە گەودان نشین یان چاڵ نشین و نازناوی گەودا یان گەدا یان گودەئا واتە دەرۆزە و دەروێشە و ئوشیدەری گرتووە. ئەو خاڵە وا نووکی هوەخشەتەرە لە سەر ڕاوەستاوە و بە دەور خۆیدا دەسووڕێتەوە تەوەرە یان گەردان یان گەردون-ە. گەردان لە ژێر گەودانی هووەخشەتەرەدایە ئەو شوێنە پاڵە یان شوێنی ڕاوەستانی هەتاهەتایی هەوەخشەتەرەیە بۆیە ئەو خاڵە شوێنی باڵانس و هاوسەنگی یە. ئەوێ سەنگ ە. لە بەر ئەوە هەوەخشەتەرە سەنگی داوەتە سەری. لە جیهانی کۆندا ئەم چەمکە بنەڕەتی دنیابینی یان مەنتق بوو. جار وابوو بە ئاشورە، جار وابوو بە شوراوە، جار وابوو بە ئی شیرە، جار وابوو بە شیرویە، موشەشیر، جار وابوو بە زمزیرە، جار وابوو بە ئەرمەزە، وەرمەزە، وەرمەشتە، جار وابوو بە موشتەری ئەخوێندرایەوە. کاتێ ماردوخ کوڕی ئێنکی کوڕی ئانو لە دایک بوو گای سپی بۆ کرا بە گۆری و ڕەوان کرا بە بەریدا و بوو بە خشە-گارون یان خشەگەورون، خشەئورون یا شەریوان یان شێرەوان. هەروەک ووتم شێروان و ئاشوران و ئاشورە و شوراوە و هەمووی یەک وشەن و نازناوی مەردوخن. واتە ڕەواندار، خاوەن گیان. ڕەوان هێمای وررووژە یان جووڵەی ورە یان ئیرادەیە.

ئەم وشە لە سەدەی نۆی پێش زاییندا وەک ناوی یەکێ لە دەسەڵاتدارانی ئاشور بە کار هاتووە بەڵام بەم جۆرە: تیکوڵتی نین ئورتا واتە تیکەڵدی نین شوردا واتە کەڵەشێر دینین یان کەڵەشێردنیا (تیخورتینینوشێردە)ئەرتوخینینوشەردە، ئەرتوش ئینینوشەردە، خورتی نینوتی شەردە، خورشیدە نینوتی، خورشیدە دونینی، خورشیدی دنیا، پاڵپشتی هەبوون، گەودان، تەوەرەی گەردوون.

کولتی نین(نقطە) تی ئورتا(شورخیدە، چورخیدە، چەرخیدە). کەواتە ئەو شوێنە وا هەوەخشەتەرەی لە سەر دانراوە شێری چەرخیدە یان شێرێکە وا هەڵئەسووڕێ. خودی هوەخشەتەرە یان گەوتەر یان گەوهەر یان گۆڵ چەرموو یان گاوەسپی کە نوقورچکێک لە گۆشتی لاقەبرغەی پەروەردگارە بە چەشنی پەڕدیوە(پرامید، هرەم)یە و هێماکەیشی گاتەن، گادەن، ئادەن، گەوتەن، ئاودان یان هەمان گای سپی قوربانی یە. چۆکی ڕاستی ئەم گا بە سەر سەری شێری چەرخیدەوەیە.

ئەمە واتە دینامیسم واتە " ورۆژە یان جووڵەی وزە" و " بنەمای ڕەوان بوونی ماک یان مادە، واتە ماک لە ڕەوان ەوە هاتووەتە بەرهەم".

ڕەوان لە ڕووە یان ورە یان تەرە یان فەرە یان هوڕە یان "سوڕڕە"وە هاتووە. نمووی ڕەوان مار و نمووی ورە یان ڕووە کەڵەشاخە. کەڵەشاخ لە خۆی دا بریتییە لە هێڵی نێوان ئافرێنەر و گاوتەر یان گای سپی. کەڵەشاخ یان ئەلەخشە یان چوخائیلی یان ئەلی خاس یان ئیلیاس کە دەیان لاپەڕەم لە سەری نووسیوە و بڵاوم کردوەتەوە نێوەندگیرە لە نێوان گا کە نمووی پەڕدیوەرە و ئافرێنەر کە خوای نەبینراوە. کەڵەشاخ بە ناوچاوی گاوۆیە و جیاوازە لە دوو شاخە ئاساییەکانی وا بە دوو لای سەریەوەیەن. کەڵەشاخ بە سەر ئەنی(ئانوجا، شانۆ)وەیە. بەم باسانەوە ئەتوانم بڵێم کەڵەشاخ هەمان روح القدس یان نێوەندگیری نێوان خودا و بوونەوەرە. هەرچەندە بوونەوەر خۆی لە خۆیدا پارچەیەک لە تەن و گیانی پەروەردگارە بەڵام دیسانەوە گیان کراوەتە بەریدا کەڵەشاخ یان ئیلیاس ئامرازی ئەم کارە بووە. کاتێ ورەی خودا وزەی کرد بە ئیلیاس دا، وزەی خودا لە ئەنی یان چاوی سێهەمدا خۆی گرتەوە، ئەمەش بوو بە هۆی گڕگرتنی گەوتەر یان گای سپی و بەدوایدا بوو بە هۆی درووست بوونی جووڵە و وزەی لە گەوتەردا کە ویستی پڕش و بڵاو بێتەوە بەڵام دوو شاخەکانی تری گا بوون بە هۆی ئەوەی ئەم وزە پڕش و بڵاوانە بە دەور ئەواندا لە دوو ئاراستەدا کۆ ببنەوە. ئاراستە جیاوازەکانی وزە بوو بە هۆی ئەوەی دوو جەمسەر یان گوپەت یان قوتب درووست بن. نمووی گوپەت گومەزە. یەکێ لە گومەزەکان گەورەترە لەوی تریان. ئەو بەشەی وزە وا لە شوێنی خۆیدا مایەوە و بوو بە گومەزی سێهەم. ئەو شوێنە وا گۆزی سێهەمە بە کەمەرە سیاوە (گاومارو، گاوبارو، گاهوارە، گەوارە) ئەناسرێ. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لە کەمەرە سیاوەدا ئەبێ ماکێ هەبێ وا ببێ بە بەستێنی ئەم ڕووداوە. ئەم ماکە وا ناوی ئەشک یان شووراوەیە ئاوێکە وا چاوگەکەی لە دیوی ناوەوەی ئانوجادایە واتە پشت شانۆ، پشت ئانوجا. لەوێدا

چاوی سێهەم یان کانی ئاوی ژیان هەیە و هەروەک پێشتر نووسیومە ئەم چاوە ناوی کاشپی یان چەشمی یە و شوێنەکەی چەشمیدەر یان خورشیدەیە یان هەمان چەرخیدەیە و هەروەها پێی ئەڵێن سورڕیاش، سورڕیگاش یان شورروپاگ و دەکاتەوە هەمان شێروان...

کەواتە بە گوێرەی ناوی گاوارە بێ و ئەوەش واتە لانک یان دەرگۆش کە شوێنی حەواندنەوەی منداڵی ساوایە و جۆری جووڵەی گاوارە هاتن و چونەکەی بەلاشاندایە و لە چەپەوە بۆ تەوەرە و لە تەوەرەوە بۆ ڕاست بە یەک ئەندازەیە و پێچەوانەکەیشی هەروایە دەتوانین بڵێین جارێ شۆڕبوونەوەی گاوارە لە چەپەوە بۆ ڕاست و لە ڕاستەوە بۆ چەپ ئەکاتە دوو سوڕ ئەمە کراوە بە وێنایەک بۆ یەک دەور یان نیوە و دوو نیوە یان دەور ئەکاتە یەک چەرخو یان چەرخیدە یان ئوشیدەر لە گومەزی سێهەم یان گاوارەدا و ئەمەش دەسپێکی دینامیسم یان ڕووە یان جووڵەیە و هەروەک ووتم نموو(هێما، سیمبۆل)ی ورە، مارە کە پێی ئەڵێن گامارە یان کەمەرە، گابارە، گاوارە واتە جووڵەی گا.

گا واتە سەرچاوەی وزە و هەمان گۆشتی تەنی ئافرێنەرە وا بە چەشن(فۆڕم)ی پەردیوە(بەردیوە، بەردی گا، گابەرد) یان پرامید یان هێرەمە.

ئاوی ناو بەردی گا یان پەردیوە ئەشک واتە ئاوی شۆرە و لە ئین یان کاسە دایە. ئەم ئاوە بەستێنی جووڵەی وزە و درووست بوونی سێ گۆمەز واتە دوو جەمسەر(گاوپەتان) و ناوەند (کەمەرە سیاوە)یە. لە بەر ئەوەی گومەزی سەرەوە و خوارەوە بە قەد یەک نین و یەکیان بچوکترە هەر بۆیە کاتێ کەمەرە سیاوە ئەسووڕێ بە دەور خۆیدا و وزە لە بەستێندا بە دەوریدا ئەسووڕێتەوە گەرما و پاڵە-پەستێ ی جیاواز لە دوو جەمسەردا درووست ئەبێ و "چڕی" واتە دانسیتەی گومەزێکیان لەوی تر زیاتر ئەبێ لەبەر ئەوەی دان یان حەجمی چکۆلەتر ئەبێتەوە و تۆکمەترە. ئەمە لە گازدا زیاتر بەهێزە. ئەمەش ئەبێ بە هۆی ئەوەی دوو جەمسەر لە پێچەوانەی یەکدا بسووڕنەوە لە کاتێکدا کەمەرە سیاوە یان گەوارە بەردەوام بە دەور خۆیدا ئەسووڕێتەوە و هەر دەورێکی کەمەرەسیاوە بە دەور خۆیدا دەکاتە دوو سووڕی گاوپەتان یان گومەزەکان. ئەمەش وروژەیە یان جووڵەیە و شوێنی سەنگ یان هاوسەنگی دوو گومەز و ماک (بوونی دیار و نادیار)-ە. گومەزی گەورەتر تۆکمەیی کەمترە، چڕی کەمترە و گەورەترە و گومەزی چکۆلەتر تۆکمەترە، چڕترە و کەم دان ترە، کەم جێ ترە.

هێزی گۆمەزی چکۆلەتر پەستۆ درووست ئەکات چونکە تۆکمەترە و چڕترە و هێزی زیاترە و درەنگتر جووڵە ئەکات و ئەبێتە هۆی درووست بوونی وزەی چەپەوانە یان کێش.

هێزی گومەزی گەورەتر پاڵ درووست ئەکات چونکە کەم چڕترە و جم و جۆڵی زیاترە و خێراترە و ئەبێتە هۆی وزەی ڕاستەوانە یان گووش.

هەروەک ووتم گومەزی ناوەڕاست یان گاوارە یان کەمەرە سیاوە بە دەور خۆیدا ئەسووڕێتەوە و وزەی "پێچەوانە"یە واتە بە دەور خۆیدا ئەپێچێتەوە. ئێستا خەڵک بە هەڵە پێچەوانە بە واتای وزەی کێش یان چەپەوانە یان معکوس ئەزانن، نەخێر وانیە.

پێچەوانە بوونی گومەزەی ناوەڕاست لە چەپەوەیە بۆ ڕاست چونکە گومەزی بچوکتری قورستر کە وزەی کێش یان کێشانەوەی هەیە و پەستۆیە لە چەپ دایە و نزیکترە لە چاوگە واتە خودای ئافرێنەر وا لە چەپدایە. هەر بۆیە مەیلی گومەزی بچوکتر بەرەو ئافرێنەرە و بۆیە بەهێزترە. هەر بۆیە ئاراستەی گاوارە بۆ جووڵە بە دەور خۆیدا لە چەپەوە دەست پێدەکا و ئەوەش دەسپێکی زەمان ە.

گومەزی بچوکتر کە تۆکمەترە لە پەستۆدایە واتە بەرگری ئەکات و ئەیکێشێتە پاشەوە بە گوێرەی یاسای کێش، ئەوەی وا قورسترە لە خوارەوەیە کەواتە گومەزی بچوکتر لە "نشیوەر" یان خوارەوەدایە و گومەزی گەورەتر سووکترە و لە سەرەوەدایە واتە لە "بەرزەلا"دایە.

نشیوەر پاڵی داوە بە دیوارەوە کە مەرزی نێوان ئافرێنەر و بوونەوەرە. ئەو دیوارە بە دیوی هووەخشەتەرەدا سێبەری درووست کردوە بۆیە گومەزی بچوک لە نشیو یان بن دیوار یان سێبەردایە.

هەروەک پێشتر ووتوومە ئەو دیوارە بە یەک شێری زەرد وێنا کراوە و ناوی ئەلەخشەیە و خوڕەی ئەم شێرە بە کەڵەشاخ  خۆی وێنا ئەکات و بۆیە نازناوی خوڕڕی یان هوڕڕی یان سوڕڕی یان داوە بە پاڵەوانانی کوردی کۆن چونکە وەک شێر خوڕاون بە سەر دوژمندا لە بەرەی شەڕدا.

ئەلەخشە واتە شەش لا، لەبەر ئەوەی ئەم دیوارە کە مەرزە و بەردینەیە شەش لای هەیە: لای خوارەوەی پاکڵە یە لای سەرەوەی پاسەرە، وەردیوەر یان ڕووبە ڕاستە، زوودیوەر یان زی ئودخودرا یان گۆدەرز ڕوو بە چەپ، ئەندیوەر یان ڕوو بە پاک یان باکورە، گەودین ڕوو بە باشوور. ئەم دیوارە کە مەرزە و شێرە زەردە و کەڵەشاخە و ئاوی سارد یان شیر-ئین ە هەمان ئێل خشە یان ئلیاسە.

شەش، ژمارەی هەسارەی وەرمزە. وەرمز لە ژێر ڕکێفی ماردوخ دایە. ماردوخ نازناوی زووپەدەری هەیە واتە "باوک زوو" یان کوڕی زوو. زوو ئەکاتە مەڵبەندی ئێنکی لە کەیوان یان زوحەل هەسارەی حاکمی زوحەڵ ئێنکی یە. ئێنکی باوکی ماردوخە.

شەشدەر یان خشەتەرە واتە هێگزاگۆن و بەواتای هەنگوین دێ... خانەی مێوی هەنگوین لە شانەدا. هەر بۆیە بە شوێنی لە دایکبوونی ماردوخ لە گەودان ئەڵێن هەنگوماتە، کاوپاتە، گوپەتە، خومە.

ماردوخ هێمای تامی شیرینە، سوریجا هێمای تامی سوێر،سۆڵ یان شۆرە، دوموزید هێمای تامی تیژە، ئێنلیل هێمای تامی ترشە، ئێنکی هێمای چێژی تاڵە.

خومە لە کوردی دا واتە کوزوی سووری مەی. سوور ڕەنگی سوریجا یان ڕافاییلە. خومی سوور شوێنی بەخێو کردنی هەنگەژاڵەی هەنگوین بووە کە پێی ئەڵێین هەنگ. کەواتە هەنگوین و مەی و شەشەلە(ئەلەشە، ئەلەخشە، شاشائێل یان شەش گۆشە) بە ماردوخەوە مانا ئەگرن.

گۆزەی سور یان سورئاڵە هێمای جەستەیە و مەی هێمای ڕوحە و خومە یان خومەی هێمای دەرکەوتەیی ماردوخە. سورهێمای بارام یان مارس و مەی هێمای مانگ یان هەیڤە و ئەرخەوان یان سورئاڵ هێمای ماردوخە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شێروان (هومخشەتەرە، ئەرتەخشە) وا لە گەودان یان کەمەرەسیاوە یان گەوارەدایە و بە سەر تەوقی سەرخۆیدا دەسووڕێتەوە چونکە هووەخشەتەرە ئاوەژو کراوە و ئەگەر ئاوەژو نەبووایە دینامیسم درووست نەدەبوو لەبەر ئەوەی بە پانایی دا دادەنرا و ڕاوێستاو ئەما و هیچ بەڵام کە سەرەونخوون کرایەوە بە دەستی ئافرێنەر ئەمجار لە ناو خۆیدا شڵەقا و هاوکێشە درووست بوو و ئەوەی وا لە سەرەوە باسم کرد سەبارەت بە درووست بوونی گاوپەت و گەوارە و جووڵە و ورووژە و وزە و سەنگ و لاسەنگ و هاوسەنگ هەموو ئەم کار و ڕەهاتە کرا بۆ ئەوەی ماک درووست بێ و ماک لە ئەتۆم دا خۆی بینییەوە. ئەتۆم بوو بە هۆی درووست بوونی چشت یان المنت. لەگەڵ ئەوەشدا چێژ درووست بوو. لە بەر ئەوەی کاتێ چشت لە ناو خۆی دا یۆنیزە ئەبوو چشتی تری لێ درووست ئەبوو. ئەوە بوو هەڵم و شل و ڕەق درووست بوو. ئەمە مۆدێل بوو بۆ پێوانە کردنی وزە لە بوون ی دیار و نادیاردا کە لە سێ ئاراستەدا خۆی دەبینێتەوە.

باسی تام و چێژی شیرینم کرد کە بە واتای وزەی ماردوخە. لەبەر ئەوە ماردوخ لە ئاوی سارد و شیرین کەوا هەوری سپییە لە دایک بوو. هەر وەک ووتم ئەو شوێنە وا ماردوخ لێی لەدایک بووە کانی ئاوی ژیان لە کوردیلمون بوو. ئەو کانییە یەکەم ئاوە وا دوای تەقینەوەی گەوهەر یان هووەخشەتەرە سارد بووەتەوە. کەواتە خاکی دەوروبەری ئەم کانیاوەش یەکەم خاکە خۆش کراوە بۆ ڕووەک. بۆیە داری ژیان لێرەدا ڕوواوە. لە داری ژیانەوە تووی هەموو ڕووەکەکان و شینایییەکان و سەوزایییەکان بەرهەم هاتووە و بە چواردەوریدا بڵاو بووەتەوە و سرووشت درووست بووە. یەک لەو ڕووەکانە بەڕووە. ئەم دارە جۆرە گەردێکی پێوە بووە و کاتێ با لەو دارەی داوە پژاندوویەتی بە سەر زەویدا و هەنگەژاڵە لێی نیشتووە و هەنگوینی پێدرووست کردووە. هەنگوین بریتی یە لە شیلە و مێو. شیلە شل و شیرینە و مێو ڕەق و بێ تامە. کەس نازانێ بۆچی هەنگەژاڵە کاتێ شانەی هەنگوین درووست ئەکات و مێو ئەکات بە شانەوە خانەکانی شەشگۆشەن.

ئەوە دیارە وانەیە و پەروەردگار سپاردوویەتی بە ورەی هەبوونیی ئەم بوونەوەرە. شەش، ژمارەی وەرمز هەسارەی ماردوخە. شەشگۆشە نمووی شیرینی ئاوی ژیانە وا لە شانەی هەنگویندا خۆی نیشان ئەدات. ئەو شەشگۆشە وا ناوی شیر-ئین یان کاسەی کانی ئاوی ژیانە بە شێر و جام ناسراوە و شەشدەری ناوە و هەمان خۆشەیەرە ، خۆشەدەرە، ئەلەخشە، ئەلی خاس، کەڵەشاخ یان زەردەشتە کە گۆشتی تەنی پەروەردگارە و هەموو شت لەوەوە درووست بووە. شەشگۆشە هێمای ئەڵ یان کەڵە وا شاخێک بە ناوچاویەوە بووە و بەو شاخە گیان کراوەتەوە بە بەریدا. گاپەرستن و قوربانی کردنی گا لەو داستانەوە هاتووە بەڵام بە ڕای من ئەوەی بێن گا وا لە جووت بوونی چێلەک (مانگا) و دەوار(گای نێر) درووست بووە و لە خوێن و خوڕ و سپێرمەوە هاتووە بپەرستن بە بیانووی ئەوەی ڕێز بۆ فەلسەفەی ئافراندن دابنێن لەگەڵ زانستی ویژدانی یان حکمەتەوە یەک ناگرێتەوە. گایێک وا پار لە مانگا زاوە ئەمساڵ چۆن ئەبێ بە یەکەم گا وا کە سەرەتا هوەخشەتەرە بوو دواتر ساردەوە بوو هەڵگەڕا بە گابەرد و لە بنەڕەتدا گۆشتی تەنی خودا بوو؟

قوربانی کردنی گا بێ ئەوەی مانایێکی بێ چ کەڵکێکی هەیە بێجگە لەوەی گیانی بوونەوەرێک ئەکێشی؟

ئەگەرمەبەستت خواردنی گۆشتە، بخۆ بەڵام قوربانی کردن بە بێ هۆ تەنیا لە بەر ئەوەی خودا خۆشحاڵ بکەی بڕوات هەبێ بێ کەڵکە.

مرۆڤەکان هاتن و شۆکەیان درووست کرد لە گەردە سپییەی داربەڕوو لە ڕووی هەنگەژاڵەوە کە هەنگوینی لە هەمان گەرد درووست کرد. شۆکە شیلەی ئەو گەرد و تۆزە شیرینەی سەر داری بەڕووە و شەوانە لە سەر زەویدا بڵاو دەبێتەوە و کاتێ ڕۆژ ئەبێتەوە ئەیبینی کە وا بە سەر گژ و گیا و بەردەوەیە. ئەو تۆزە سپییە ناوی مەننا یان موننایە بەواتای نانەم، نان-نەم، نمە، نمەنان یان "نانی وەک نم" بەواتای بەرات، نۆبەرەی ئاسمان، هەردین، ئەردین یان ئاردی سەر زەوی.

نۆبەرە، نۆدەرە، نۆزەر،فەڕنە، پەڕنە ناوی لە تەورات دا بە مەن هاتووە و بریتی بوو لە نانێکی شیرینی سپی ئاسمانی وا بۆ چل ساڵ خێڵی ئیسرائیل لە بیابان دا ئەباری بە سەریاندا و ئەوانیش بەیانیان کاتێ لە خەو هەڵئەستان و لە خێوەتەکانیان ئەچوونە دەرەوە دەستیان ئەکرد بە کۆ کردنەوەی ئەم نانە سپییە شیرینانە وا نیشتبوون لە دار و بەرد و گیا و گژەوە.

ماننا یان موننا کە وڵاتی مانگ و نۆبەرەیە لە هێمادا وەک هەیڤ یان هێلالی مانگی شەوی یەکەم پێناسە کراوە. پایتەختی ئەم هەرێمە شاری کور-دیلمون یان چاڵی مانگ دەرە بە واتای ئەو بیرە چیروانۆکییە دێ کە مانگ لە ناویدا دەرکەوتووە. لەو چاڵەدا ئاوی ژیان یان چەشمی دەر(کاشپی، کاسەی مانگ، کوردیلمون) هەیە و ماردوخ لە ناو ئەو کانیەدا هاتووەتە دەرەوە. کوردیلمون لە سوریگاش یان هەرێمی

سوريجا واته كوريشه، يان چەرخ دايه و فەرمانڕەواى ئەم هەرێمه نێرگال يان سوريجا يان ڕافاييل ه. ڕافاييل له شۆفار يان کەڵەشاخدا نمووى هەيه و له ڕێگەى ئەوەوه ڕۆح خن (حلول)ى كردوەته ماردوخەوه. ماردوخ نۆبەره يان كۆرپا، پاكورى هوڕ يان ڕۆح ه كه سەرچاوەى ماك و سرووشته و هێماى سروشت و ماك دارى ژيانه و ئەو ئاردەداره يان تۆز و گەرده شيرينه لەوەوه بڵاو بووەتەوه و سروشت پێک هاتووه.

ناوى چەند دەسەڵاتدارى ئەم هەرێمه له سەدەى ٩ و ٨ و ٧ ى پێش زايين له پەرتووكى "تاريخ ماد" يان مێژووى ماى دا هاتوون و هەموويان ئەو ڕاستييه دەرئەخەن خەڵكى ئەو سەردەمەى ماننا هەمان ئايينى دێرينى بابى ئاردەوانى بووه وا پيەغەمەرانى دێرين ى وەک جەنابى خدر ئلياس و جەنابى ئيبراهيم ئاڵادارى بوون.

ناوى ئەو دەسەڵاتدارانه وەک ئيرئين زى(بەرزان)، ئولوسونو(ئارى زەندو)، ئازا، ئاخەسەره (خاكەسەر)، ئيرى سينى(هەرسين) هەمووى كوردين به گێرانەوەى مۆدێرن بەڵام هەموويان ڕەگەزيان له شارستانيەتەكانى مەزۆپۆتاميا واته كوردستانى كۆندا هەيه وەک ئاخەسەره ناوێكى ئاككادى يان ئاگادى يه و ئەوانيش سومەرى بوون وئاگادييەكان چەند هەزار ساڵ دەسەڵاتدارى كورديلمون بوون. ئاگاد واته گەدا، گەودان، خاک نشين. ئەوانه لايەنگران و سۆفى و دەروێش و ئەودالْى ئايينى بابى ن وا ئانۆ سەرگەورەى "پيرانى ئاسمانى" دانەرى ئەم ئايينه بووه. گەودان واته ئەستێرى بەهەشت و ئاوى پاكى ناوهومخشەتەره. ئەوێ كانياوى ژيانه. گەودان لووتكەى هومخشەتەره بوو بەڵام بۆ ئەوەى ژيان درووست بێ پەروەردگار ئاوەژۆى كرد و گەودان بوو به خواروترين شوينى هوومخشەتەره. بابى دينەكان خۆيان وەک ئانۆ به خاک نشين، خواروونشين، چاڵ نشين و فەرمانبەرى خوداى ئافرێنەر ئەزانى وا دەستەڕاستەكەى خۆى خسته خوارەوه بەڵام له ژيرى و گەورەيى و خۆڕاگرى ئانۆوه دنيا يان باخى ئەدەن لەو چاڵەقووتەوه درووست بوو. بيرۆكەى خاک نشينى و خاكەسەرى و ئاخەسەرى و گردەنشينى و دەروێشى و دەرۆزەيى و گەدايى لەو چەمكەوه درووست بووه. ئانوبان ئينى ناوى فەرمانڕەوايێكى ئاكادى يه ڕێک ناوەكەى ئاماژه بەو چەمكه سۆفييه بابى دينى يه ئەكات: ئانۆى بن ئاو! دوو هەزار ساڵ دواتر بابل حوكمرانێكى ئەبێ ناوى نابونائيده. نابونائيد هەمان ئانوبان ئينى يه!

گەودانى ئێستاش هۆزێكه له هەرێمى وانێ له باكورى كوردستان، هەروەها گەودين ى ناوى هۆزێكى كوردى لاى قوروه و هەمەدانه... گەودين تەپه شوێنێكى ديرۆكى يه له لاى كەنگەوەر...

هەروەها ئەو شاهەنشاهى يه وا به ماد يان دياكۆيى بەناوبانگه هەمان گەودينى يان دياگۆييه كه پێشتر له مەزۆپۆتاميادا شارستانيەتى ئاگاد يان ئاككاديان دامەزراندبوو.

ئاگاد، دیاگۆ، گەودان و گەودین، خواجە، خاچە، خاچی، خشە، خاتی، خاسی، چوخا، کوێخا، دێخوا هەمووی یەک مانای هەیە و هەموویان نازناون بۆ ئانۆ سەرگەورەی "پیرانی ئاسمانی".

خاچ بەواتای "کۆ" یان "بەرهەم" دێ. واتە یەک و یەک کە دەکاتە دوو. دوو هێمای ئایینی بایی یە. بایی هەروەک باسم کرد سەبارەت بە تەرازووی هاوسەنگ و سەنگ و لاسەنگ و کێش و چڕی(دان)و تۆکمەیی و قەبارە وپاڵ و پەستەیە.

بەرهەم یان برایمە نازناوی ڕافاییل یان نێرگال ە. خاچ هێمای ئەوە بەڵام سەرەتا هەموو ئەرکەکان هی ئانۆ بوو دواتر ئەو ڕافاییل ی کرد بە چاودێری خۆی و ئەوی کرد بە کوێخای بوون ی دیار و نادیار. خاچ هێمای هێز و هوڕ واتە وزە و ڕۆحە و لە دینامیسم دا خۆی پێناسە دەکات. کاتێ ماردوخ لە دایک بوو، ئانۆ ئەوی کرد بە جێنشینی خۆی و هەر بۆیە ئەمجار ڕافاییل یان سوریجا بوو بە چوخا یان کوێخای ماردوخ... ماردوخ شاشائێل یان گەورەکوێخا یان شاهەنشا بوو. ئانۆ هەتا هەتایە دەروێش و گەدای پەروەردگارە و خزمەت بەو ئەکات.

بەرهەم کە بە واتای خاچ یان سەلیب دێ، لە چەرخ دا خۆی بە ژمارەی چوار دەگرێتەوە لە بەر ئەوە سوڕی گاوارە وا لە سەرەوە باسم کرد جارێک لە چەپەوە بۆ ڕاست ئەبێ بە نیو(ئی نی مە، نیوەی مانگ) و جارێکیش ئەگەڕێتەوە شوێنی خۆی لە ڕاستەوە بۆ چەپ هەر بوویە سوڕ لەوکاتەدا تەواو ئەبێ... دوو سووڕ ئەکاتە یەک دەور و ئەوەش واتە چوار یان خاچ یان چەرخ... چەرخ یەکێ لە چوار تەگەری ژێر ئەرادەی سوریجایە. چەرخ بە باڵانس ی هێزەکان ئەسوڕێ بۆیە چەرخ کە وێنەی ماکی و فیزیکی سوڕە لە سەر چوارچەقڵی خاچ ئەگەڕێ. ئەو چوار چەقڵە هەیکەڵی تەرازووە و سومەریەکان پێیان ووتووە " لا-بار-نا" واتە شوێنی ناوەستاو، لەبەر ئەوە خشەتەرە بە ئاوەژۆبوون کەوتووەتە دینامیسم و ستاتیکاوە و هەموو هەبوون بە دیار و نادیارەوە لە سەر ئەم هاوسەنگییە سوار بووە.

چوارچەقڵی ئەم تەرازووە بە پایە و دەستەکی خاچەوە پێناس کراوە. واتە دەستەک باڵی دوو تای تەرازووەکەیە وا بە شەش پەت تاکانی ڕاگرتووە و پایەی تەرازووەکەش ستوون یان کۆڵەکەی تەرازووەکەیە. دەستەکی تەرازووەکە تیر و پایەکەیشی شور یان شمشێرە. نووکی شمشێرەکە لە گەودان چەقیوە. پەڕی تیرەکەش لە زووە و نووکەکەیشی لە بوویەرە. ئەو شوێنەش وا تیر و شمشێر بە یەک ئەگەنەوە و دەسکی شمشێرەکە سوارە بە سەریدا تیکوڵتی نین ئورتا یان شیربان (تیرکەلدین یان کەلەندەر، کەلێن تیر، کونتەتیر، کونتیر، نوکتەتیر)ە. ئەو شوێنە خاڵی وەرچەرخان یان خاڵی هاوسەنگی یە. ئەوێ شوێنی دادوەری و دەرکەوتنی هاوسەنگی یە. بان شێر بریتییە لە کلکی شێر وا هەڵگەڕاوەتەوە بە سەر پشتی شێرەکەدا. دەم ی کلکی شێرەکە کە پێیان وتووە دەمکل یان کلدەم(کلدە،

کولتی) وا ڕیشاڵ ڕیشاله و سووره ڕووی له بوویەر یان هەتاوه بۆیه کلدەمیان به کەڵەشێر شوبهاندووه و پێیان وتووه "ئورکلدەم" واته نووکی کلکی شێر. کەڵەشێر واته "بان شێر، شێربان" یان دەستکی شمشێری تەرازوی هاوسەنگی.

هەر لەو سورخەوه شێروان یان ئورکلدەم له ئایینی بابیدا سیمبۆلێکی زۆر خۆشەویست بووه و کەڵەشێر بەلای خەڵکەوه هێمای ڕۆژ و دادپەروەری و گەورەیی چەمکی دادوەری یه.

ئورکلدەم که له تەورات دا به ئور کەلدانی ئەناسرێ له لای خەڵکی باکووری مەزۆپۆتامیاوه به ئور ئەر توو(ئورارتو) ناسراوه واته شێر بەر دوو یان دوو بەر شێر که به واتای (کلک به سەر شێر) و هەمان مانای ئورکلدەم یان شێروانی هەیه.

ئورارتوییەکان هەمان شازاده میتانیەکانن وا له سەدەی ١٣ی زایینی دا دەوڵەتەکەیان له لایەن هیتییەکانەوه ڕووخا. هیتییەکان میتانی و کاشپی یەکانیان پێکەوه ڕووخاند. میتانی و هیتیەکان هوری بوون و سەرچاوەی ئەوان هەمان کوردیلمون بوو. له بەردەنەخشێکی لای ئانکارادا پەسنی جوغرافیای کور-دیلمون دراوه و سوێندیان بەوێ خواردووه دوو فەرمانڕەوای میتانی و هیتی بۆ بەوەفایی و ئاشتی.

دیاکۆنۆڤ نووسەری مێژووی مای ئەڵێماننا پێکهاتەیەک بوو له هوری، گوتی و لولوبی واته پاڵەیی. ئەو نازانێ گوتی و ئاگادی یان دیاگۆیی یەکێکن. زاراوەی ئەوان لەم سەردەمەدا پێی ئەڵێن گورانی. میتانی و هیتییەکان زازا-ئارامی بووه. ئاشوریەکان سریانی یان هوری بووه. ئورارتوییەکان تێکەڵەیەک له کورمانجی و ئەرمەنی بوون. ئەوەی پێی ئەڵێن سۆرانی زاراوەی ئایینی بەغان(مەغان، بەگەکان، هەناخی یەکان) بووه.

بەسەر ئەوەشدا ئەمانه مکوم و یەکلاکەرەوه نین، تۆ چی ئەکەی لەو هۆزانەی وا تێکەڵەیەک بوون له دوو زاراوه؟ بەڵباسەکان، بارزانییەکان، هەورامیەکان که خۆیان چەند زاراوەن یان تات ەکان؟

بۆ وێنه تۆ ناوی ئەم شاهەنشا ئاشورییه به چ زاراوەیەک ئەناسێنیتەوه: تیگلات پیلەسەر.... ئارامی یه، سریانی یه، زازاییه، هەورامییه، ئەرمەنی یه، گۆرانه، سۆرانه، کورمانجه، کامیانه؟

کاتێ وەری ئەگێڕیتەوه ئەبینی هەموویانه! بڕوانه:

تیگلات پیلاسەر واته : تەگلەت سەرپێڵ، تەگلەت واته دەجله یان تەگرەن، کەواته تیگران سەرپێل، تیگران واته بەور سەرپێڵ واته شەپۆلی بەرز ئەمەش ئاماژەیه بۆ خرۆشی چەمی دەجله.

کەواته کوردستان هەرچەنده جێگۆڕکەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری به خۆیەوه بینیوه بەڵام کولتوری قسه کردنی پێکهاتەکانی نەگۆڕ بووه. هەر بۆیه ئەم تایبەتمەندییه سەیره ناوازه هەموو تیۆرییه

نەژادییەکان بە درۆدا ئەخاتەوە. کابرای ئەڵمانی یان فەڕانسی یان ڕووسی چووزانێ خەڵکی کوردستان چۆن قسە ئەکەن، بۆ ئەبێ بە قسەی ئەو یان کەسانی وەک ئەو کە بۆ ماوەیەکی کورت لە کوردستاندا ژیاون ئێمەی کورد سەر لە خۆمان تێک بدەین و بکەوینە داوی ئەو قۆڕیاتەوە کە بنەمایان نیە. بۆ ئەبێ ئێمەی کورد بترسین لەوەی بڵێین بەرهەم یان برایم خەڵکی کوردیلمون لە کوردستانە؟ با پاپ لە ڤاتیکانەوە هەستێ بە سەردان بگاتە ئور لە باشووری ئێراق بە هەوای ئەوەی ئەچێتە زیارەتی شوێنی لە دایکبوونی جەنابی برایم... ئەوە کەی ئەبێ بە هۆکاری سەلماندنی ئەوەی کە ئور لە سومەر هەمان ئوری کلدانی یە. ئور کلدانی ناوێکی ڕەمزی یە بۆ زیارەتگەی کوردیلمون. تەورات قەت ناڵێ ئورکلدانی لە سومەردایە.

جوانی دیرۆکی کورد لەوەدایە هێشتا ناوک و بنەڕەتی کولتورەکەی کە زمانی کوردییە تێک نەچووە. کەمالیسم، فارسیسم و ئیسلامیسم و عەرەبیسم لە ڕەگ و ڕیشەی ئێمەی نەداوە. عەرەب ی موسڵمان هەڵەیەکی مێژوویی کرد و ئەویش ئەوە بوو ئەوەندە بە خۆیدا هەڵکفا و تووشی بەرزەدەماخی هات فتوای دا وەرگێڕانی قورئان کوفرە و دژایەتی کردنی ئیسلامە، هەر بۆیە فەرهەنگی گەلێری کورد وا ڕەگی لە ئایینی بابی دایە وەک خۆی ماوەتەوە و زمانی عەرەبی نەبوو بە زمانی خەڵکی کوردستان.

ئەوەش موعجزە بوو بۆ ئەوەی ئێمەی کورد کە هەم خاکمان پاراست، زمانمان پاراست، و نەریتمان پاراست. زمانەکەمان نمووی هەمان ئایینی دێرینی باییە وا باس لە دادپەروەری ئەکات و ئەڵێ:

لە ئازادی وەرەی خودای ئافرێنەردا خۆشەویستی و زانایی هەیە، سرووشت و بڕوا و ئەوین فەلسەفەی پەیمان و وەفاداری هەتا مردنە، هەروەها دادپەروەری سەرچاوەی لە هاوسەنگی دایە. خۆشەویستی خوار و ژووری بۆ نیە گرنگ ئەوەیە لە خۆشویستن دا چاوت لە ژێر پێی یارەوە بێ بەو مەرجەی ئەو تۆ بە بەڵێندەری ڕاستەقینە لە بەوەفایی و گوێڕایەڵی دا بناسێ.

قەت سەر دامەنەوێنن بۆ خەیانەت و بەدپەیمانی کە سەرچاوەیان درۆیە و ئەوەی پشت لە ڕاستی بکات مۆری بڕیارنامەی خودای ئافرێنەر و "پیرانی ئاسمانی" شکاندووە و ئەوەش قەت چاوپۆشی لێناکرێ و گرفتاری و نەهامەتی بە دوای خۆیدا دێنێ و لە چەرخی پاک بوونەوەی ڕۆح دا ئەبێ هەر بێ و بڕوا بێ ئەوەی لەو سوورە بێ کۆتاییەدا ڕزگار بێ. خۆزگە بەو کەسە نەکات لە نیوەسووڕی گاوارەدا گرفتار ئەبێ و ناوی لە ساڵنامەی زیندووەکاندا تۆمار ناکرێ.

له کۆتاییدا ئەبێ ئەو ئامۆژگارییە بدەم بە توێژەران و لاوانی داهاتوو، نابێ لە بەر دڵی فارسەکان، تورکەکان یان عەرەبەکان یان موسڵمانەکان لە سنووری جوغڕافیای وڵاتانی ئێران، تورکیا، ئێراق و سوریە دامێژووی کورد بنووسیتەوە، لە بەر ئەوە ئەبێ سانسۆڕی ڕاستیەکان بکەیت و ئەوەش خەیانەتە بە بەها مرۆڤی یەکان و مۆر شکاندنی پەیمان نامەی خودا و پیرانی ئاسمانی.

باوک و باپیرانی ئێمە سۆفی و دەروێش و بەڵێندەرانی ئانۆ سەرگەورەی پیرانی ئاسمانی بوون کە جامداری لۆلان و هەروەها چاودێری خودای ئافرێنەر بووە بەڵام لە لای خوواروووە دانیشتووە و تووشی بەرزەدەماخی نەهاتووە بۆیە نازناوی گەداشا(گودەئا)ی بووە و شاهەنشاهانی سومەری ئەو نازناوەیان بە خۆیان بەخشیوە بۆ ئەوەی بڵێن سەریان سپاردووە بە ڕێبازی ئانۆشا سەرگەورەی پێرانی ئاسمانی و چاودێرو کوێخای خودای ئافرێنەر.

هەر بژین!

ئازاد کەریمی

٣٠ی مارچ ٢٠٢٥

دراممێن، نۆروێژ















alamy
Image ID: E1GG4A
www.alamy.com


آجر منقوش لعابدار
قلایچی، بوکان
استردادی از کشور سوئیس
سدهٔ ۷ - ۸ پیش‌ازمیلاد
Glazed brick
Qalaichi, Boukan
Repatriated from Switzerland
8th - 7th Century BCE
























B6III3


C1W1